کچێک هات بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی ئەوەی کرد کە باوکی بە زۆر ئەوی بە شوو داوە لەکاتێکدا ئەو حەز ناکات، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بژاردەی پێیدا

لە ئیبن عەباسەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «کچێکی (کە پێشتر مارەنەکراوە) هات بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی ئەوەی کرد کە باوکی بە زۆر ئەوی بە شوو داوە لەکاتێکدا ئەو حەز ناکات، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بژاردەی پێیدا».

[صەحیحە] [ئیبنو ماجە گێڕاویەتیەوە - ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

کچێکی گەنج هات بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی ئەوەی کرد کە باوکی دەیویست بە زۆر ئەو بە شوو بدات بە پیاوێک بێ ئەوەی خۆی ڕازی بێت وڕوخسەتی لێوەربگرێت، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بژاردەی پێیدا لە نێوان لە لای ئەو پیاوە بمێنێتەوە و لەسەر فەرمانەکەی باوکی بەردەوام بێت، یان ئەو هاوسەرگیرییە هەڵبوەشێنێتەوە وڕەتی بکاتەوە، چونکە دەبێت ئافرەت ڕازی بێت لەسەر هاوسەرگیری کردن وئەمە بەهەند وەرگیراوە لە شەریعەتدا، ونابێت وەلی ئەمرەکەی (سەرپەرشتیارەکەی) بیداتە شوو مەگەر پاش ڕوخسەتی خۆی نەبێت، چونکە کچیش کە لە پێشتردا مارە نەکراوە؛ خۆی ژیرە وپێگەیشتووە، بۆی هەیە هاوسەرگیرییەکە ڕەت بکاتەوە یان ڕازی بێت. و بەهەند وەرگرتنی ڕای کچی پێگەیشتوو -بالِغ-، ونادروستی بە زۆر بە شوودانی؛ فەتوای لیژنەی فەتوادانە (اللجنة الدائمة للبحوث العلمية والإفتاء) لە وڵاتی دوو حەرەمە پیرۆزەکە.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/58070